گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندیی نێوان دەرونزمانی و ڕەگەز

**وەفا کازم حوسێن**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Wafakazim24@gmail.com

**پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
abdullah.raswl@su.edu.kurd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٣١
پەسەندکردن:٢٠٢٢/٧/١٩
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Psycholingustics*
*Gender, male, Female, psychoilogy*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.24

## پوختە

مرۆڤ کەدێتە دونیاوە، بەتایبەتمەندییەکی دیاریکراو ڕەگەزی (نێر و مێ) لەدایك دەبێت، بەڵام هەڵگری خاسیەتیی نێرینە و مێینە نییە، بەڵکو ئەوە کاریگەریی زمانی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵە لەسەر دەروونی تاك و پێدانی ڕۆڵ و کەسایەتیی جیاوازە بەهەریەکە لەڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لەسەر ڕەفتاری تاك (نێر و مێ) بەگشتی و لەسەر ڕەفتاری زمانی بەتایبەتی دەبێت و تاك وتەکانی بەپێی ئەو بارە دەروونییە بەرهەمدێنێ کەتیایدا دەژی.

ئەو توێژینەوەیە پێکهاتووە لەدووبەش: لەبەشی یەکەمدا باس لەپەیوەندیی نێوان زمان و دەرونناسی کراوە و بیردۆزەکانی دەروونزمانی و چەمك و پێناسەی دەروونزمانی و باس لەجیاوازی هەریەکە لەدەروونزمانی و دەروونناسی زمان کراوە و مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەروونزمانی بە کۆزمانەوانییەوە خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی پێناسەی ڕەگەز و پەیوەندیی زمان و ڕەگەز و بیردۆزەکانی ڕەگەز، پاشان ئەنجامی توێژینەوەکە و لەکۆتاییشدا لیستی ئەو سەرچاوانەی کەسوودیان لێوەرگیراوە خراوەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

**1-ناونیشـــانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لەژێر ناونیشـــانی(پەیوەندیی نێوان دەروونزمانی و ڕەگەز)ە.

**2-هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

1- کەمی توێژینەوەی زانســـتی لەبارەی بابەتی ڕەگەز بەگشـــتی و نەبوونی توێژینەوەی زانســـتی دەربارەی ڕەگەز لە ڕوانگەی دەروونزمانییەوە، بە تایبەتی.

2- وەڵامـدانـەوەی ئـەو پرســـیـارانـەی، کـەئـایـا جیـاوازیی نێوان ڕەگـەزی نێر و ڕەگـەزی مێ تـەنیـا جیاوازییەکی جەســـتەییە؟ یاخود جیاوازییەکی دەروونزانی و کۆمەڵایەتیە؟ ئایا مرۆڤ کەلەدایك دەبێت، بەو جیاوازیانەوە لەدایك دەبێت؟ یاخود کۆمەڵگە و دەوروبەر ڕۆڵیان هەیە، لەبەخشینی ڕۆڵ و کەسایەتی دیاریکراو، بەهەریەکە لەڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ؟.

3- ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی ڕێبازی وەسـفی شـیکاری کراوە، بۆ خسـتنەڕووی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی توێژینەوەکە.

4- کەرەستەی توێژینەوەکە: کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە، نموونەکانیش لەئاخاوتنی ئاســـایی ڕۆژانەی هەریەکە لەڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وەرگیراوە.

5- ســـنووری توێژینەوەکە: ســـنوری کارەکە لەچوارچێوەی دەروونزمانی و کۆزمانەوانیدایە، چونکە کۆمەڵ کار دەکاتە سـەر دەروونی تاك و ئەمەش لە کەسـایەتی و ڕەفتاریدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتی لەڕەفتاری زمانیدا، جارێکی تر تێکەڵی کۆمەڵگە دەبێتەوە، بەمەش کاریگەریی هەردوکیان بۆ ســـەر یەکتر ئاڵوگۆڕ دەبێت.

### 1- دەروازەیەک لەبارەی دەروونزمانیەوە

### 1-1 زمان و دەروونناسی

پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و دەروونناســـی ئەگەر لە پەیوەندیی نێوان زانســـتەکانی تر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە بە جۆرێک چونەتە ناویەک و تیکئاڵاون، لێلێکجیاکردنەوەیان ئەستەمە. پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و دەروونناسـی بۆ سـروشـتی زمان دەگەڕێتەوە زمان بەشـێکە لە ڕەفتاری مرۆڤ (محمود

فهمی ، 1993:37)، دەروونناسـیش بە گشـتی توێژینەوەیە لە ڕەفتاری مرۆڤ. کەواتە؛ توێژینەوە لە ڕەفتاری زماندا خاڵی هاوبەشـی نێوان ئەم دو لقە زانسـتیەیە(حاتم صـالح، 1989 :40)بەو پێیەی زمان بەشـداریی سـەرەکی لە بەرە و پێشـبردن و بڵاوکردنەوەی دەروونناسـی دەکات، بە جۆرێک هەندێک لە زانایان پێیانوایە کە توێژینەوەی زمانەوانی ناتەواو دەردەچێت، ئەگەر لەسـەر بنەمای توێژینەوەی توانا دەروونیە شـاراوەکان نەکرێت، کە خۆی لە پشـت زمانەوە حەشـارداوە(نەریمان عەبدوڵلا ، 2016، 27). بەهەمان شـێوە توێژینەوە دەروونیەکانیش دەبێت بە یارمەتیی زمان ئەنجامبدرێت، (حاتم صالح، 1989: 40). زمان دەرخستنی ئەو شتە شاراوانەیە، کە لە مێشکدا دەخولێنەوە بە هۆیەوە دەردەکەون. واتە؛ زمان جگە لە بنەما ژیربێژیەکەی کە لەسـەری بنیاتنراوە، هەسـت و سـۆزێکی دیارکراویش دەگرێتەخۆی (نوال محمد ، 1975: 7). دەتوانرێ زمان لەم جەمسەرانە لەگەڵ دەروونناسی یەکبگرێتەوە:

1- زمان خودی خۆی کارتێکەرێکی زارەکیی دەرەکیە بۆ ناخی مرۆڤ، کە کاردانەوەی دۆخی و زارەکی و کارەکی بەرهەمدێنێ.
دۆخی واتە؛ (سووربوونەوە، شەرمکردن، تووڕەبوون، ترسان، تاسان )
زارەکی واتە؛ (ئاخاوتن )
کارەکی واتە؛ (ئەنجامدانی کارێک )

2- زمان خۆی کاردانەوەیەکی زارەکیە بۆ کارتێکەرە دەرەکی و ناوەکیەکانی تر.

3- زمان بە ڕەفتارێکی مرۆڤ دادەنرێ و دەبێتە کەرەسـە و بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە زمانناسـی و دەروونناسیەکان.

4- بارودۆخە دەروونیەکانی ناوەوەی مرۆڤ شـاراوەن و بە زۆری لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانرێ پەیان پێ ببرێ و دەستنیشانبکرێن.

5- زمان وەک چارەسەرێک بەکاردەهێنرێ بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەر و ڕاستکردنەوەی کێشە دەروونیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-1 بیردۆزەکانی دەروونزمانی

قوتابخانەی ڕەفتاری بە یەکەم قوتابخانە دادەندرێت، کە بایەخێکی بەرچاوی بە زمان و ڕەفتاری زمانەوانی داوە. بیردۆزەی ڕەفتاری لە ســەرەتادا لەلایەن (جۆن واتســۆن) داهێنرا، کە پێیوابو لە ئەنجامی وروژێنەر و وەڵامدانەوە مرۆڤ فێری ڕەفتاری نوێ دەبێت. ئەم ڕەفتارە نوێیانە بۆ گەیشتن بە پاڵنەرە دەروونیەکان گرنگن، چونکە بێ لێکدانەوەی ڕەفتارەکان ناتوانرێت کردە دەروونیەکان بزانرێت. چونکە بەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەون و لە توێژینەوەی زانستیدا جێگەیان نابێتەوە (تالێب حوسێن، 26:2011). واتە؛ مرۆڤ زمان بە ڕێگەی مەرجیەوە وەکو هەر ڕەفتارێکی تر وەردەگرێت بۆ نمونە، منداڵ لە سەرەتادا لەخۆوە هەندێ دەنگی ڕەمەکی دەردەبڕێـــت و دایک و باوکیشی بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانە هانیدەدەن، ئەویش بە شێوەی زەردەخەنە و دوبارەکردنەوە وتەکانی منداڵ و ...هتد. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردن و جێگیرکردن و چاککردنی وتەکانی، بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ وشەی واتادار (عدنان یوسف ، 2004: 267).

بەم پێیە، زمان کردەیەکی دەروونی و ژینگەییە، نەک خودی و ناوەکی بۆ دیارکردنی ســەرەتای فێربونی زمان لای منداڵ (واتسۆن) بیرۆکەی گەڕانی لە نێو هۆش لای مرۆڤ و ئاژەڵ و بە چەمکەکانی وەک، هەست و پاڵنەر و ئارەزوشەوە ڕەتکردەوە و واتسۆن پێیوابوو، دەروونناسی لقێکی تاقیگەییە، لە زانستە سروشتیەکان و ئامانجی توێژینەوەی واتســۆن بریتی بوو لە پێشــبینیکردنی ڕەفتار و بەرزەفتەکردنی ئەو ڕەفتارە (عەبدولواحید موشــیر ، 21:2014)لەســەر بنەمای ئەو بۆچونانەی واتسۆن زمان بریتیە لە کۆمەڵێک پەرچەکرداری مەرجدار. (الأفعال المشروطة) (عزیز كعواش، 2010: 8-6).

یەکێکی تر لە زانایانی قوتابخانەی ڕەفتاری پاڤلۆڤ (I.Pavlov)بوو، کە بیرۆکەی توێژینەوەکەی بە ناوی (فێربوونی مەرجی) ناســراوە، زمان لای پاڤلۆڤ لە کار و کاردانەوە یا وەڵامدانەوەی کاریگەریی دەرەکی پێکهاتوە بە جۆرێک لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە شێوەیەکی گونجاوی هەبێت. ئەمە بە زۆری لە ڕێگەی پاداشتەوە دروستدەبێت. کە لە لایەن کۆمەڵگەوە پێشکەشدەکرێت (عەبدولواحید موشیر ، 2014: 24) ئەو توێژینەوەیەی پاڤلۆڤ خستیەڕوو پێیوابوو، پەیوەستبونی هەریەکە لە وروژێنەری سروشتی و مەرجی لە ئەنجامی پێکەوەهاتنیان هەمان وەڵامدانەوە لای مرۆڤ دروستدەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانەوانی ئەمریکی لیۆنارد بلۆمفیلد (L.Bloomfield)، بە پردی پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و دەروونناسی دادەنرێت، بلۆمفیلد هەڵگری ئاڵا و دروشمی قوتابخانەی ڕەفتارییە (جودیث جرین، 1993: 3) بلۆمفیلد لە کتێبەکەیدا Language زمان: 1935 تەواوی کردەی ئاخاوتنی لەسەر بنەمای وروژاندن و وەڵامدانەوە شیدەکاتەوە. (سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر، 197:2009) واتە: هەر ڕەفتارێک هۆشیارکەرەوە و وەڵامدانەوەی خۆی هەیە، بۆچونەکانی قوتابخانەی ڕەفتاری کاریگەریی زۆریان لەسەر (بلۆمفیلد) هەبوو ،بۆیە چەمکی هۆشیارکردنەوە و وەڵامدانەوەی هێنایە ناو بواری زمان و لەسەر توێژینەوە زمانەوانییەکان پەیڕەوی کرد و لەم بوارەدا بیردۆزەکەی خستەڕوو.

سکینەر یەکێکە لەو زانایانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چەسپاندن و دامەزراندنی بناغەی دەروونزمانی لە دوای (بلۆمفیلد) هەبوو (جودیث جرین، 1993: 3-4). سکینەر لە بیردۆزەکەیدا بە ناوی (بیردۆزەی مەرجی بەجێهێنان) تێڕوانینی بۆ زمان ئەوەیە، کە نەریتێکی وەرگیراوە وەک هەمو نەریتەکانی تر مرۆڤ وەریدەگرێت هەروەها دەڵێ: منداڵ کاتێ لەدایکدەبێت مێشکی پەڕەیەکی سپییە و زمانی تێدا نیە (ثائر احمد و اخرون، 91:2011). واتە؛ بەلای سکینەرەوە لە کاتی تێکەڵبونی منداڵ بە ژینگە و جیهانی دەوروبەرەوە ئەو لاپەڕە سپییە یاخود ئەو قاڵبە بۆشە، لە ئەنجامی چەند کردەیەکی وەکو هەڵەکردن و سزا و دوبارەکردنەوە و لاساییکردنەوە و پاداشت.... دەبنە هاندان و وردە وردە بە تێپەڕبونی کات و تەمەن پڕدەبن و دەبنە بەشێک لە کەسایەتی و لەگەڵیدا گەشەدەکەن.

لایەنگرانی قوتابخانەی ڕەفتاری لە بۆچوونەکانیاندا چەند کەموکوڕیەک بەدیدەکرێت، کە هەندێ لە زانایان خستویانەتەڕوو، بەم شێوەیە:

1- بە بۆچوونی ڕەفتاریەکان ئەو وشانە واتایان نابێت، ئەگەر هەڵوێستێکی بەرامبەریان نەبێت، کەچی وشەیەکی زۆر لە زماندا واتادارن بێئەوەی هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەریان هەبێت. وەک: (بەڵام، ئەگەر، تاوەکو، کەچی...تاد) (تاڵیب حوسێن ، 2011: 39).

2- هیچ زانیاریەکی خۆڕسک و سەرەتایی لە مێشکی مرۆڤدا نییە و مێشکی کۆرپەیان بە پەڕەیەکی سپی دادەنا و لە ڕێگەی هەستەکانەوە کارتێکەرەکان زانیاری و بەهرە، پێشکەشی مرۆڤ دەکەن (عەبدوڵا حوسێن ،2021: 89).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- بە پاســاوی ئەوەی کاردانەوەکان واتای ڕســتەکان دەگەیێنن، ڕەفتاریەکان لایەنی واتایان لە زماندا فەرامۆشکردبوو، کە ئەرکی سەرەکیی زمان گەیاندنی واتایە و زمان لەو پێناوەدا هاتۆتە ئارا (هەمان سەرچاوە). دەرکەوتنی بیردۆزەی (بەرهەمێنان و گواستنەوە) چۆمسکی لە ڕێگەی پەرتوکەکەی بە ناونیشــانی (ڕۆنانە.ســینتاکســیەکان) دەرگایەکی بە ڕووی تێڕوانینی نوێی بۆ لایەنی ڕەفتاری لە زمانەوانی کردەوە (عزیز کعواش، 2010: 10)

چۆمســکی بڕوای وابوو، زمان توانایەکی بۆماوەیی و خۆڕســکە لای منداڵ و هەرکە لەدایکدەبێت خاوەنی توانا و ئامادەباشــییەکی بۆماوەییە بۆ وەرگرتنی زمان. واتە؛ چۆن توانای بینینی هەیە بەو شێوەیەش توانای قسەکردن و فێربونی زمانی هەیە هەر ئەو توانایەشە، دەبێتە بنەمای تێگەیشتنی زمان و توانای دروستکردنی هەزاران بگرە ملیۆنان ڕستە و دەستەواژە (کەریم شەریف ، 2002: 8).

بەو واتایەی زمان ڕەفتارێک نییە، بە فێربون یان ڕاهێنان و مەشــقکردن وەربگیرێت هەروەکو ئەوەی ڕەفتاریەکان بۆی دەچوون، بەڵکو لەپشــت هەر کردارێکی ڕەفتاری ڕاســتیەکی هۆشــەکی هەیە، یان ئەوەتا زمان ڕێکخستنێکی هۆشــەکی ئاڵۆزە و ئامێرێکە، لە یەک کاتدا بیردەکاتەوە و دەردەبڕێ. واتە؛ لە یەک کاتدا بیرکردنەوە و دەربڕین ئەنجامدەدات (طاهر شعبان ، 2011: 53) ،چۆمسکی بەرپەرچی قوتابخانەی ســکینەری داوەتەوە، دەڵێت: منداڵ هەر لە ســەرەتاوە بە ئاگاییەوە زمانی دایک وەردەگرێت و یاسا و ڕێسا جیاوازەکانی زمان فێردەبێت ئەو کات بێ پاڵپشتی کەسانی دەوروبەری دەتوانێت ڕســتە و دەســتەواژەکان دروســت بکات، چۆمســکی دەڵێت: منداڵ توانای فێربونی هەمو زمانێکی هەیە (نایف خرما، 1978: 116)، چۆمســکی ڕۆڵی ژینگە و کۆمەڵ بە هۆکاری ســەرەکی لە فێربونی زمان و ئاخاوتن دانانێت، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو توانایەکی ســروشــتی لە مرۆڤدا هەیە، کە لەگەڵیدا لەدایکدەبێت و بە جۆرێک هەمو تایبەتمەندیەکانی فێربونی زمانی تێدایە و یارمەتیی دەدات زمانی ئەو ژینگە و کۆمەڵگایە فێربێت، کە تیایدا لەدایکبووە.

لێرەدا (هەردو بیردۆزەکە بە تەواوی بەرپەرچی یەکتر دەدەنەوە، بە هیچ شــێوەیەک یەکتر پەســەند ناکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بابەتە بابەتێکی وێژەییە و کەرەســەکانی یەکەی پێوانیان نییە، تاکو هاوکێشــەکە یەکلا بکاتەوە و وەڵامێکی بنبڕی پێنییە، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی دێرینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتایی دەربارەی چۆنیەتیی پەیدابوونی زمانمان لە بەردەستدا نییە، بەم پێیەش بڕیارێکی کۆتایی نەدراوە و گەنگەشەکە بەردەوامە ( عەبدوڵا حوسێن 2021: 87).

دەروونناسی سویسری (جین پیجێ Jean Peage) کە خاوەنی بیردۆزەی کۆزانیاریە (مەعریفی) لەگەڵ بیردۆزەکانی پێش خۆی ناکۆکە لەوەی سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوە لە کردەی فێربوونی زمان و ئاخاوتن لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕاکانی پیجێ لەگەڵ چۆمسکی لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە زمان بەرهەمی ژیریە، بۆیە بەرهەمهێنانی فێربون لە ڕووی ڕەفتارییەوەیە بەڵام هەردوکیان لە ڕووی خۆڕسکی زمانەوە لەگەڵ یەکتردا هاوڕانین (خالد عبدالرزاق السيد، 1999، 143).

واتە؛ پیجێ لەو بڕوایەدایە، بۆ فێربونی زمان و ئاخاوتن لە ڕێگەی کارلێککردن و کارتێکردنی نێوان منداڵ و ژینگەی زمانی نەشونما دەکات.

## 1-3 چەمک و پێناسەکانی دەروونزمانی:

ڕاڤەکردن و ناساندنی ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە و واتای زاراوەکە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە زماندا بەم شێوەیەیە:

زاراوەی (دەروزمانی) ڕێک وەرگێڕانی وشە بە وشەی (Psycholinguistics)ی ئینگلیزیە، کە لە بنەڕەتدا لە (Linguistics of Psychology). واتە؛ (زمانەوانی دەرونی) هاتوە، ئەگەرچی کوتومت دەبێتە (دەروزمانەوانی) بەڵام بۆ کورتبڕی و سوکیی دەربڕین کرا بە (دەروزمانی)، ئەم زاراوەیە دەبێتە جوتە وشەی هاوشێوە لەگەڵ (کۆزمانەوانی)، کە لە بری (زمانەوانی کۆمەڵناسی بەکارهاتوە) (عەبدوڵا حوسێن، 2015: 32)، بەڵام توێژەر لەم تویژینەوەیە زاراوەی ( دەرونزمانی ) لا ڕونتر بو و لەم توێژینەوەیە بەکار هێنرا، چونکە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی کورتکردنەوەی زماندایە. واتە؛ لە پێناو ئابوریی زماندا بەهەمان واتا و مەبەست بە کەمترین وزە و کات زۆرترین بیرۆکە بخاتەڕوو.

ئەم زاراوەیە (Psycholinguistics) لە دوو وشە پێکدێت، لە بنەڕەتدا وشەی یەکەم گریکیە (psyche) بە واتای (هۆش) دێت. وشەکەی تر لاتینیە (lingua) واتای زمان دەبەخشێت (محمد يونس ، 21:2004). ئەم زانستە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی دەروونیەوە بایەخ بە توێژینەوەی زمان دەدات (عبدالمجيد سيد ، 82:1982). واتە؛ (دەروزمانی بریتیە لە توێژینەوەکردن لەسەر ئەو کەرەستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانیانەی پەیوەســتن بە دەرونی مرۆڤ بۆ بژارکردن و پەرەپێدانیان لە پێناو وەبەرهێنانی زمانێکی پەســەندی کاریگەر لەســەر دەرون) (عەبدوڵلاحوســێن ، 2015: 82). هەر زمانەوانێـک بەپێی بیروبۆچوونی خۆی و بوارەکەی پێناسەی کردووە، بەڵام گشت زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمان کاریگەریی لایەنی هۆش و دەروونی تاکەکانی بەســەرەوەیە، لێرەدا چەند پێناســەیەکی هەریەکە لە دەروونناسان و زمانەوانان دەخەینەڕوو:

**یەکەم: پێناسەی دەروونزمانی لای دەروونناسان:**

- بە ڕای (کۆهلەر): دەروونزمانی بوارێکی پسپۆڕییە، کە زمانەوانی و دەروونناسی تێکەڵدەکات بۆ توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان و توێژینەوە لە ڕۆڵ و دەورووبەری دەروونی و لە بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن و ناساندنی (عەبدولواحید موشیر ، 2014: 17).
- ئەم زانســتە لێکۆڵینەوە لە زمـان دەکـات، لە ڕوی گەشــەکردنی زمـانی و ئەو کـاریگەرییە دەروونیانەی کە لە پێش و دوای یاخود لە کاتی ئەنجامدانی قسەکردندا ڕوودەدەن (محمد علي ، 1998: 18) .

**دووەم: پێناسەی دەروونزمانی لای زمانەوانان:**

- بە بۆچۆنی (دیڤید کریســتـال): لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی لە پەیوەندیی نێوان زمان و کردە دەروونیەکان دەکۆڵێتەوە (Crystal,2003:380).
- بە بۆچونی (چۆمســکی): دەروونزمانی توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و هۆشــی مرۆڤ دەکات (محمود فهمي الحجازی، 1993، 43).

**1-4 جیاوازی لە نێوان دەروونزمانی و دەروونناسی زمان**

هەروەک ئاشکرایە، لە پاڵ زاراوەی دەروونزمانی (Psycholinguistics)دا زۆر جار گوێبیستی زاراوەی دەروونناســی زمان (Psychology of Language) دەبین، ئەم دوو زانســتە زۆر لەیەکتر نزیکن بە جۆرێک تێکڕای ســەرچاوەکانی ئەو بوارە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی زاراوەیان لە یەکدی جیا نەکردۆتەوە و بە ناوێکیان داناون بۆ هەمان بابەت (عەبدوڵلاحوسێن ، 2015: 78).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر بە وردی بچینە ناو بابەتەکەوە، هەروەها لە ڕووی زمانەوانیەوە ئەم دو زاراوەیە سەربارى ئەوەى هاوبەشى زۆريان هەيە، بەڵام لە ڕووی کارەکی ئامانجی توێژینەوەکان و لە ڕووی بیردۆزەیشەوە جیاوازییان هەیە. کە دەتوانرێ لەم خاڵانەدا دەستنیشان بکرێن (هەمان سەرچاوە: ٨٧).

1- دەروونزمانی: تایبەتمەندیی زمانەوانەکانە، کە پسپۆری شارەزاییان لە یەکەکانی زمانەوانییە، بەڵام دەروونناسیی زمانی تایبەتمەندیی دەروونناسەکانە، کە شارەزاییان لەیەکەکانی دەروونناسییە.
2- دەروونزمانی لە کەرەسە زمانەوانیەکانەوە بەرەو کەرەسە دەروونیەکان دەچن، بەڵام لە دەروونناسیی زمانەوانیدا لە کەرەسە دەروونیەکانەوە بەرەو کەرەسە زمانیەکان دەچن.
3- زمانەوانەکان مەبەستی سەرەکیان دۆزینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو شاراوانەیە، کە لە کەرەسە زمانیەکاندا هەن و پەیوەستن بە کەرەسە دەروونیەکان ،بەڵام مەبەستی سەرەکیی دەروونناسان دۆزینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو شاراوانەیە، کە لە کەرەسە دەروونیەکان هەن و پەیوەستن بە کەرەسە زمانیەکان.

### 1-5 مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەروونزمانی:

دەروونزمانی بۆ دێر زەمانێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە، بەڵام نەبونی مێژووی تۆمارکراو وەک هەر بابەتێکی تر ناچارمان دەکا لە دەقە نوسراوەکاندا دەستپێبکەین، لە دەقە نوسراوەکانیشدا زۆربەی زانستەکان دەگەڕێتەوە بۆ بژارکردنی ئەو ڕستانەی لە بەڵگەنامە فەلسەفییە یۆنانییەکان ماونەتەوە، بەو پێیەی فەلسەفە دایکە گەورەی هەموو زانستەکان بووە. فەیلەسوفە یۆنانیەکان بایەخیان بە پەیوەندیی سروشتی زمان و دەروون داوە، بە گەڕان بەناو بەرهەمە فەلسەفیەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆدا چەندین وتەی پەیوەست بەم لایەنە بژاردەکەین، بەتایبەتی لەدەقی گفتوگۆی ئەفلاتون لەسەر (ئەقریتس) کە دەربارەی زمانە، گەلێ لایەنی دەروونزمانی وروژاندوە (عەبدوڵلا حوسێن ، 2015: 87).

دەروونزمانی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم ئەوانیش لە لایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (دیتریش دیتمان) بوو، کە لە ڕێگەی ئامێرێکی تۆمارکردنەوە چۆنیەتیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەکردنی دەروونی و زمانی منداڵەکەی تۆمار دەکرد (ڕزگار واحید و ئەوانیتر، 2012: 116)، بەڵام لە ڕووی ئەزموونیەوە زانای دەروونی بەریتانی (فرانس گاڵتون) یەکەم کەس بوو، کە تاقیکردنەوەکانی زانستی دەروونزمانی ئەنجامداوە (أمال أبو حطب و أخرون، 1998، 126)، زانای ئەڵمانی (ویلهێلم فۆنت)، بە یەکەم کەس دادەنرێت کە گفتووگۆی لە بارەی پەیوەندیی دەروون بە زمانەوە کردووە (میلکا افیتش، 1996: 76) فۆنت ڕێگەی تێبینی و هەڵێنجانی (استنباطي) پەیڕەوکرد، کە زمان بە پێشینە (باکگراوند)ی تاکەکانەوە دەبەستێتەوە، ئەم بۆچونەی فۆنت بەم نمونەیە ڕووندەکەینەوە: ئەگەر هەندێ مەرەکەب بڕژێنینە سەر پارچە کاغەزێک ئەوا وێنە و شێوەیەکی لێ دروستدەبێت، کەسەکانی دەوروبەری کاغەزەکە بە هۆی پێشینەی دەروونیانەوە بۆچونی جیاوازیان لەسەر وێنەی سەر کاغەزەکە دەبێت، بۆ نمونە یەکێ دەڵێت: ئەمە وێنەی سەگە، یەکێکی تر دەڵێت وێنەی پشیلەیە...هتد (ڕزگار واحید و ئەوانی تر، 2012: 177) لە ساڵی (1950) ئەنجوومەنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە بەشداری زمانەوانان و دەروونناسان، کە کۆنگرەیەکی بەست، لە ئەنجامدا بەرنامەیەکی هاوبەشی تایبەت بە دەروونزمانی دانرا، کە ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنێکی گشتی بەشداربوان بوو، بەوەی ڕێکاری پەیڕەوی و بیردۆزەییەکان کە دەروونناسەکان پشتی پێدەبەستن.،دەکرێت ئەو پێکهاتە زمانەوانیانەی کە زمانەوانی نەیتوانیووە چارەسەریان بکات، لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە بدۆزرێنەوە پاشان شیبکرێنەوە، هەروەها پاش دوو ساڵی تر، کۆنگرەیەکی دیکە بە بەشداریی زمانەوانان و دەروونناسان و مرۆڤناسان و ئەندازیارانی پەیوەست بەسترا، کە تیایدا (دەروونزمانی) بە تەواوی سەریهەڵدا کە (ئۆسگۆد، سیبۆی) ساڵی 1954 بە بڕوانامەی لەدایکبوونی ئەم زانستە دادەنرێت (اوزالد دیکرو،2007، 139). بیروبۆچوونەکانی چۆمسکی (Chomsky) لەبیردۆزەی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە)دا لە کتێبی ڕۆنانە سینتاکسیەکان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دەرکەوتنی لایەنی دەروونی و زمانەوانی هەبوو

**1-6 پەیوەندیی دەروونزمانی بە کۆزمانەوانیەوە**

زمان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئاڵۆزترین و گرنگترین داهێنانی مرۆڤە، لە ئەنجامی گەشەی هزر و زیاتربوونی پێداویستیەکانی تاک و کۆمەڵ هاتۆتەکایەوە ، زمان پەیڕەوێکی پەیوەندیی فرە ڕەهەندە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، بە هەمان شێوە ڕەهەندێکی دەروونیشی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە. لەم چوارچێوەیەدا دەروونزمانی بریتییە لەو زانستەی لە پەیوەندیی نێوان زمان و کردە دەروونیەکان دەکۆڵێتەوە (crystal, 2003: 380). کەواتە؛ دەروونزمانی کە لقێکی زمانەوانیە توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان ڕەفتاری زمان و چالاکیە هۆشەکیەکانی مرۆڤدا دەکات، هەروەها توێژینەوە لە چۆنیەتیی کارکردنی کردەی زمان دەکات. واتە؛ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بزانێت چۆن پەیوەندی لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر، هەروەها لە نێوان خوێنەر و نووسەردا دروستدەبێت چ کاردانەوەیەکی هۆشەکی لەناو هۆشی ئاخێوەردا دەبنە هۆی ئەوەی واتا بگۆڕێت بۆ دەنگ؟ و گوێگر چۆن و بە چ کاردانەوەیەکی هۆشەکی دەیانگۆڕێتەوە بۆ واتا؟ هەروەها نوسەر چۆن واتاکان دەگۆڕێت بۆ پیت؟ و خوێنەریش بە کام کردە ئەو پیتانە دەکاتەوە بە واتا؟ (تاڵیب حوسێن ، 2011: 99). کەواتە؛ مرۆڤ زمان لەو کۆمەڵ و ژینگەیەوە وەردەگرێت کە تیایدا گەورەدەبێت.

لێرەدا ئەوەی پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان دەروونزمانی و کۆزمانەوانی پەیدادەکات، ئەو پرسیارانەن کە دەروونزمانی بەدوای وەڵامەکانیان دەگەڕێ و ڕەگێکی ئەو پرسیارانەش بە زەمینەی کۆزمانەوانیدا چوەتە خوارەوە (عەبدوڵا حوسێن،2021: 61).

- واتا چیە؟ بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی مەبەستە، چۆن پەی بە دەروونی بەرامبەر دەبرێ؟
- بۆ هەندێ ڕستە، دەروون خۆشدەکەن؟ هەندێکی تر، دەروون پەستدەکەن؟
- بۆ هەندێ ڕستە، پەند و ئامۆژگارین؟ و هەندێکی تر، جوێن و نەشیاون؟
- ئایا زمان چیە؟ و چۆن پەیدابوە؟ بۆچی ئەو هەمو زمانانە هەن؟
- ئایا بیر زادەی زمانە؟ یان زمان، زادەی بیرە؟ جیاوازییان چیە؟
- بۆ بە بیستنی: نوکتە، پێدەکەنین؟ و بە لایلایە دەخەوین؟

کەواتە، دەروونزمانی و کۆزمانەوانی وەکو دو لقی زانستی زمانەوانی کارەکی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە جیاکردنەوەیان لە هەندێک بواردا کارێکی ئاسان نییە.

بە هەمان شێوە زمانی پەروەردەکردنی تاک ،چ نێر بێ ،چ مێ ،زمانێکە بە پێی پێوەر و داب و نەریت و مامەڵەی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە و لە ڕێگەیەوە تاک ئاڕاستە دەکرێ و بەرە و ڕەفتار و کەسایەتیەکی دیاریکراو هەروەکو چۆن مرۆڤ قسەدەکات و بیردەکاتەوە و هەڵدەچێت لە ئاخاوتن و دەربڕینە کۆمەڵایەتیەکاندا بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، لە هەمان کاتدا ژینگە و دەوروبەر کار لە زمان و چالاکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قسەکردن و هزر و هەست و سۆز و کردارەکانی دەکەن. بە شێوەیەک وامان لێدەکات کەسانێکمان خۆشبوێت و ڕقمان لە هەندێ کەسیش ببێتەوە کە ئەمەش لە زمان و ئاخاوتنی تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

2- **ڕەگەز** (Gender)

2-1چەمک وپێناسەی ڕەگەز

سروشت و ژیربێژیی ژیان و بوون بونەوەرانی بەسەر دوو ڕەگەزی نێر و مێدا دابەشکردوە. مرۆڤ لە پۆلکردنی دەورووبەری خۆیدا بە جیاوازیی کەلتورەکان پەیڕەوی هەمان دابەشکردنی کردووە، ڕەگەز لە ئینگلیزیدا (Gender)ی پێدەوترێت، کە لە بنەڕەتدا وشەکە یۆنانیە لە وشەی (Genus)ەوە وەرگیراوە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە، بۆ زمانی هیندۆ ئەوروپی دەگەڕێتەوە (کۆنێل، 2002: 5).

چالاکوان و نووسەری بەناوبانگی بەریتانی (ئان ئۆکلی) بۆ یەکەم جار زاراوەی ڕەگەزی لە دوتوێی کتێبەکەیدا (ڕەگەز و کۆمەڵگە) 1972 وەک زاراوەیەکی زانستی هێنایە ناو بواری کۆمەڵناسیەوە (ئۆکلی) ڕەگەز دابەشی سەر دوو شێوە دەکات و لە باری جەستەیی و کۆمەڵایەتیەوە جیاوازی لەنێوانیاندا دەکات (فرح حامد، 6:2009)

یەکەم: مەبەست لە وشەی ڕەگەز جۆری مرۆییە، کە نێر و مێ دەگرێتەوە ،نێر و مێ لە خەسڵەتە هاوبەشەکاندا هاوبەشن، لەگەڵ ئەوەشدا نێر وەک مێ نییە، هەروەک لە قورئاندا جەختی لێکراوەتەوە (وليس الذكر كالأنثى)(ال عمران، أية٣٦). هەریەکەیان خاوەن سیما و جیاکەرەوەی تایبەت و پێکهاتەی ئەندامی جیایە لەوی تر (حسين عبد الحميد، 1998: 1-2).

بە واتایەکی تر، ڕەگەز لە زمانەوانی و فەرهەنگدا بریتییە لەو جیاوازییە زگماک و سروشتیانەی کە لە نێوان نێر و مێدا هەن بە تایبەتیش لە جیاوازییە جەستەییەکاندا. واتە؛ مرۆڤ کە لەدایکدەبێت بە نێر یا مێ دێتە دنیاوە بونی جیاوازیی جەستەیی لە نێر و مێدا کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی جەستەیی و دواتر لە دەنگ و پێکهاتەی دەنگە ژێکانی مرۆڤدا هەیە. واتە؛ جیاوازیی تۆنی ئافرەت و پیاو جیاوازیەکی جەستەییە، جیاوازی لە ئەنجامدان-الأداء- لە زمانی جەستە، پلەی دەنگ و وشە و دەربڕینەکان هەندێ دەنگ و دەربڕینی سەرسوڕمان هەیە (هەمان سەرچاوە: 7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: مەبەســـت لە جیاوازیی ڕەگەزی جیاوازیی کۆمەڵایەتیە کە دروســـتکراوی مێژوی مرۆڤایەتی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری و ســـروشـــتیی پێکهاتەی هەردوو ڕەگەزە، بەو واتایەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕەگەز بریتیە لە واتای لێکدراوی پەیوەست بە مێیبوون یان نێربون ئەو وشە و لێکدانەوانەشن لە تاکێک بۆ یەکێـــــــــــــــــــکی دی و لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێـــــــــــکی تر دەگۆڕێت (نەسرین زرار ، 2012: 307) هەروەها ولیامز (Williams) ڕەگەز بە ڕەفتار و هەڵوێست و ڕۆل و چالاکیە گونجاوەکان بۆ نێر و مێ پێناسە دەکات ،ئەو جەخت لەسەر پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دەروونی ددەکاتەوە،لە پێناســـەکردنی ڕەگەزدا بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ بە نێر یا مێ لەدایکدەبێ. بەڵام پەروەردە دەبێت بە میکانیزمێک بە هۆیەوە بنەماکانی ڕەفتار بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دیاردەکات، ئەم ڕەفتارە وەرگیراوە دواتر دەبێتە پێکهێنەری ناسـنامەی ڕەگەزیی و ڕۆلە ڕەگەزییەکان دیاردەکات (سوزان ولیامز، 1999: 38).

جیاوازیی ڕەگەزیی بەپێی کۆمەڵ و بەپێی کات گۆڕانی بەســـەردادێت و دەکرێ، لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر جیاواز بێت، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک کەلتور و داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە هەڵســوکەوت لەگەڵ تاکی نێر و مێدا دەکات لەســـەر ئەو بنەمایە خێزان پەروەردەی تاکی نێر و مێ دەکەن، جیاوازیی لە زمانی پەروەردەیی دایک و باوک کە زۆر جار ئەو جیاوازیە دەگرێتەوە کە ڕەگەزی مێیینە بە چاوی کەمتر سـەیر بکرێت و پایەیەکی کەمتری پێ بدرێت، ئەمەش کاریگەریی دەروونی لەســـەر هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و مێ جێدەهێڵێت و دەبێتە بەشـێک لە کەسایەتیی هەریەکەیان، لە ئەنجامدا لە ڕەفتاری هەریەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، بە تایبەتی لە ڕەفتاری زمانیدا، چونکە زمان یەکێکە لە ڕەفتار و هەڵسـوکەوتەکانی مرۆڤ. واتە؛ زمان و دەربڕین و ئاخاوتنی هەریەکە لە تاکی نێر و مێ باری دەروونی هەریەکەیان نیشـــاندەدات. دەشـێت بوترێت کۆمەڵگە ســـەرچاوەی جیـاوازیی بـاری دەروونی هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و مێیە. ئەمەش لە جیـاوازیی بیروبۆچوون، بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەریەکەیان بەرامبەر بە یەکتر بەرچاودەکەوێت.

ڕەگەز پەیوەســـتە بە چەند ڕۆلێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بۆ هەر یەکێک لە نێر و مێ ئەم ڕۆلانە بەپێی کات و لە ڕێگەی فێرکردنەوە گۆڕانکارییان بەســـەردادێت.، ئەم زاراوەیە ئاماژە بەو ڕۆل و بەرپرســـیاریەتیانە دەدات، کە کۆمەڵگە بۆ هەریەکێکیان دادەڕێژێت. ئەمەش واتا پەیوەندیی بە

جیاوازیی جەســتەییەوە نییە، بەڵکو خودی مرۆڤ ئەو گۆڕانکاریانە دروســتدەکات. بە واتایەکی تر، ڕەگەز بریتیە لە جیاوازیی کەلتوری و دەروونیی نێوان نێر و مێ (کۆڵماس، 2000: 268). واتە؛ ڕەگەز ئامادەی گۆڕانە چونکە ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازیانەی بە درێژایی مێژوو دەســتکردی مرۆڤن (فرح حامد، 2009).

دەرەنجام تێکڕای ئەو پسپۆڕ و توێژینەوانە ئەوە دەسەلمێنن، جیاوازیە زیندەزانیەکان و جەستەییەکان لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نین، بەڵام جیاوازیە دەروونی و ڕەفتاریەکان دەسکردی کەلتور و کۆمەڵگە مرۆڤیەکانن و بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێن.

### 2-2 زمان و ڕەگەز:

ڕەگەز یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی دروســتبوونی شــێوازی ئاخاوتنی جیاواز، پەیدابونی زاری کۆمەڵایەتی لە هەندێک زماندا جیاوازیی شــێوازی ئاخاوتنی هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و مێ بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت جیاوازیەکی زۆری زمانەوانی کە لە نێوان هەردو ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، چ بە هۆکاریی جەســتەیی بێت یان جیاوازیی کۆمەڵایەتی و دەروونی زۆربەی ئاســتەکانی زمانی گرتۆتەوە.

### 2-2-1 ئاستی دەنگسازی:

هەندێک جیاوازیی جەســتەیی (زیندەزانی) بچوک لە نێوان ئەندامانی ئاخاوتنی نێر و مێ بووەتە هۆی ئەوەی بە ئاســانی دەنگی ئاخێوەری نێر و مێ لە هەمو جیهاندا لە یەکتر جیابکرێنەوە، بۆ نمونە: دەنگی ئافرەت تیژترە لە دەنگی پیاو ،چونکە تاڵە ژێیەکانی قوڕگی ئافرەت وردتر و باریکترن لە تاڵە ژێیەکانی قوڕکی پیاو کە ئەســتور و کورتن، بۆیە دەنگی پیاو لە دەنگی ئافرەت قەبەترە (غازی فاتح وەیس، 1984: 29)، هەروەها ئافرەت زیاتر ئارەزوی بەکارهێنانی فۆنیمە ناکەرتییەکانی: وەک ئاوازە و هێز و وەستان دەکات (عەبدولواحید موشیر ، 2021: 128). ئەم جیاوازیانە جیاوازی دەخاتە نێوان زمانی قســەکردنی ئافرەتان و پیاوانەوە بە ئەندازەیەک تۆنی ئاخێوەرێکی نێر لە تۆنی ئاخێوەرێکی مێ جیاوازە، چونکە ڕێژەی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانی ئافرەتان و پیاوان جیاوازە، بە جۆرێک پانتایی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانی ئافرەت (120-400) هێرتزە لە چرکەیەکدا لە کاتێکدا لە پیاواندا (80-

200) هێرتزە لە چرکەیەکدا ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی تۆنی دەنگی پیاوان بەرز و گڕە، بەڵام تۆنی دەنگی ژنان نزمە و باریکە (GeorgYule, 2006:224 ). کەواتە؛ جیاوازی لە نێوان دەنگی پیاو و دەنگی ئافرەت ڕۆڵ و کاریگەریی هەیە، لە دەنگ بەرزکردنەوە و هاوارکردن و پیشاندانی هێز و دەسەڵات لە لایەن پیاوەوە بەرامبەر ئافرەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان پتر پیاوان لە کاتی گفتوگۆدا تۆنی دەنگیان لە ڕەوتی ئاسایی خۆی بەسەر ڕەگەزی مێدا بەرزدەکەنەوە، بۆ باشتر گەیاندن یان ترساندن و سەپاندنی بیروبۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەی لەناو کەلتوری کوردەواریدا دەنگ بەرزکردنەوە کارێکی ناپەسەندە و بە بێڕێزیکردن دادەنرێت، بۆ نمونە دەنگ بەرزکردنەوەی ئافرەت بەرامبەر پیاو نەنگیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کاتێک پیاوان دەنگ بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا بەرزدەکەنەوە بە کارێکی پەسەند دابنرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەگشتی دەنگ بەرزکردنەوە بە مافی پیاو دادەنرێ، وەک ئەوەی بەرزی دەنگی پیاو نیشانەی توانا و هێز و دەسەڵاتی بێت، هەرکاتێک ئافرەت هاوشێوەی پیاو دەنگی بەرز بکاتەوە، ئەگەرچی لە دۆخی تورەییشدا بێت و ماف بە ئەویش بێت، ئەوا لە لایەن پیاوەوە ڕێگەپێنەدراوە و ڕووبەڕوی ڕەخنە دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵ هەر لە منداڵیەوە ڕەگەزی مێی جیاواز لە ڕەگەزی نێر پەروەردە کردوە، هەمیشە بە ئافرەت وتراوە:

- دەبێت ئافرەت هێمن و لەسەرخۆ بێت.
- ئاگات لە دەنگ و قسەکانت بێت.
- بۆ وا دەنگت بەرزە؟ خۆ پیاو نیت.
- نابێ ئافرەت دەنگی بەرز بێت.

هەرچەندە ئەم بابەتەش بە شێوەیەکی دابڕ نییە، بەڵکو ڕێژەییە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە.

### 2-2-2 ئاستی ووشەسازی:

ئافرەتان لە زۆر بۆنە و دەربڕیندا وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پیاوان ئەو وشە و دەستەواژانە ببەکارناهێنن ،پێچەوانەش ڕاستە. واتە؛ پیاوانیش چەندین وشە و دەربڕینیان هەیە، کە تایبەتن بە ڕەگەزی نێر و ئافرەتان ببەکاریاننناهێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستەواژەکانی ڕەگەزی مێ

**هەست دەربڕین بە ئەرێنی**

- جەرگت نەسوتێ
- بەداکی کوڕان بی
- بێوەی بی
- چاوم کوێر بێ
- کوێراییم دایێ
- قەزاو بەڵات لەمن کەوێ
- لە دەوری سەرت گەڕێم
- لە چاو و نەفەس بەدوربی
- ڕۆڵە ڕۆ نەکەی
- دەستم بشکێ
- ئاخیرت خێر بێ

**هەست دەربڕین بە نەرێنی**

- هەیرۆ
- وەیشێرە
- وەیش
- سەربەهەش
- بەگەردنی وردو ملی شکاوت
- ڕووت ڕەش بێ
- بێ ئابڕو
- خوا دەوامی عومرت نەدا
- سەرە خۆرە
- ئاخیر شەڕ

دەستەواژەکانی ڕەگەزی نێر

**هەست دەربڕین بە ئەرێنیی**

- کۆتا کۆستان بێ
- قەزاو قەدەرە
- ڕێزتان هەیە
- لای ئێوەمان خۆش
- بەختەوەر بن
- لە ساڵحان بێ
- بەدایک و باوک گەورە بێ
- گەورەتان کردین
- خۆتان خۆش بن
- هەر ساحێب ماڵ بن

**هەست دەربڕین بە نەرێنیی**

- نامەرد
- هەتیو
- سەر زل
- ناپیاو
- هیچ و پوچ
- ناخۆشت کرد
- ڕێزی خۆت بگرە
- باوکەڕۆ
- پشتم شکا
- بێغیرەت

وشـــەکـان ئـاوێنەی چۆنیەتیی ژیـانن ،وشـــە و دەربڕاوەکـان دەرئەنجـامی ئەرک و ڕۆلی تـایبەتی هەریەکەیانن لە کۆمەڵدا کە بە زمان دەردەبڕێن، بۆ نمونە ئافرەت لە بوارەکانی وەکو (چێشـــتلێنان، منداڵبوون و منداڵ بەخێوکردن، جۆرەکانی خواردن، کەلوپەلی ناوماڵ شوکردن ...هتد) فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان هەیە، وەکو: (خوســـاندن، پـارزنین، دێمکردن، قبوڵی، فرچک هێنانەوە، زەیســـتـان، بەبۆنکەوتن، ترسدەرکردن، کوللە، دەسرازە، خەنەبەندان، ...هتد)، بە پێچەوانەشەوە پیاو لە بوارەکانی وەکو: (بازرگانی، ســیاســەت، وەرزش، خانو و زەوی، ئۆتۆمبێل و پارچەکانی...)، فەرهەنگی تایبەتیان هەیە وەکو :(ساردەکوت، گێرعادی، تۆماتیک، قەمەرە، لۆری، فاول، هەجمە، شەحن...هتد).
ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو جیاوازیە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر نەماوە و ئێستا سەرۆکی چەندین وڵات ئـافرەتە و وەزیری بەرگری چەنـدین وڵات ئـافرەتە، ئـافرەت ســـەربـازە، ئەفســـەرە، شـــۆفێرە، فڕۆکەوانە..تەنانەت ئاسمانگەڕە.
ئەو فەرهەنگە جیاوازەی لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا هەیە، بەردەوام لە گۆڕاندایە. بۆ نموونە، لە ڕابوردوودا ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردیدا شـــارەزاییان دەربارەی هەندێ پیشـــە و کار نەبووە، کە تایبەتکراون بە پیاوان بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کۆمەڵی کوردیدا هاتووە، هەتا ئەگەر گۆڕانکاریی زۆریش نەبن، بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشـــێک لە ئافرەتان شـــارەزایی لەو کاروپیشـــانە پەیدابکەن، کە تایبەتکرابوون بە پیـاوان بۆ نموونە: (لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، فڕۆکەوانی، بازرگانی،...هتد) بووەتە هۆی ئەوەی فەرهەنگەکانیان لەیکتر نزیک بێتەوە.

### 3-2-2 ئاستی ڕستەسازی:

(یاساکانی ڕستەسازی نەگۆڕن، لەلایەن هەمو چین و توێژەکانەوە بەبێ جیاوازی بەکاردەهێنردێن و جیاوازیی ڕەگەز، تەمەن، پیشـــە، ئاین، چین و توێژی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە ڕســـتەســـازیدا ڕەنگ ناداتەوە هەمو قسەکەران ووشە و زاراوە جیاوازەکانیان وەک یەک لە ڕستەدا ڕیز دەکەن، یاسایەک نیە تەنیا تایبەت بێت بە ئافرەتان پیاوان بەکارینەهێنن، یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ پەیڕەوی یاســـایەک بکەن جیاواز بێت لە هی چینەکانی تر، بەڵام دەکرێ بوترێ: هەندێ ڕســـتە هەن تایبەتن بە ئافرەت و پیاو بەکاریان ناهێنێت و پێچەوانەشـــی ڕاســـتە، بۆ نموونە ئەو ڕســـتانە زیاتر ئافرەتان بەکاریان دەهێنن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کزە لە جەرگمەوە هات.
- سەرە و خێربێ، لە بەختی خۆیان پەشیمان نەبنەوە.
- دەردو بەڵات لەمن کەوێ.
- ئیشەڵلا بەڵاگێرە.
- لە دەوری سەرت گەرێم.

لە بەرامبەردا پیاو ئەم ڕستانە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن:

- جێگەی داخە.
- پیرۆزتان بێ.
- خوا شیفات بۆ بنێرێ.
- تەمەن درێژ بی.

ئافرەتان زیاتر لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان وەک پێشنیاز یان لە شێوەی پرسیارکردن دەردەبڕن، بە پێچەوانەوە پیاوان زیاتر ڕستەی فەرماندان بەکاردەهێنن، چونکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە تاڕادەیەک پەیڕەوی نێرسالاری بەردەوامە و مێ وەک ڕەگەزێکی لاواز پەروەردەکراوە، بۆیە تاڕادەیەک ئافرەت لە ناخیدا بە پلەیەکی نزمتر لە پیاو مەبەستەکانی دەردەبڕێ، هەرچەندە ئەو پایەیە ڕێژەییە و لە ئافرەتێک بۆ ئافرەتێکی تر بەپێی پەروەردەی خانەوادەکەی دەگۆڕێ، بۆ نمونە:

- پیاو:
  - ئەو گۆرەویانەم بۆ بشۆ.
  - مەچۆ بۆ بازاڕ.
  - چێشتەکە زوو ئامادە بکە.
  - جلەکانم ئوتوبکە.
  - زوو بگەڕێیتەوە.

ئافرەت لە کاتی پێشنیاز و پرسیارکردندا لەبڕی ئەوەی بە پیاوەکەی بڵێت: (بمبە بۆ ئەو شوێنە) دەڵێت:

- (بچین- نەچین) سەردانێکی خاتوونی خوشکم بکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- (بڕۆین- نەڕۆین) بۆ بازاڕ؟
- هەواکەی فێنکە، ئەمڕۆ دەرچون خۆشە، وانیە؟
- چۆنە، ئەمڕۆ بمبەیتەماڵی باوکم؟

زۆر جاریش ئەم شێوازە بۆ دەربڕینی ڕادەی ڕێزە، ئینجا پیاو بێ، یان ئافرەت چونکە (فەرمانی بەهێز قسەکەر (فەرماندەر) چ لە پلەوپایە بێ، یان تەمەن لە گوێگر گەورەترە و دەسەڵاتی بەسەر گوێگر (فەرمانپێکراو) دا دەڕوات (عەبدوڵلا حوسێن ، 2021: 38).

بۆ نمونە:

دایک بۆ کچ ← ئەم گۆرەویانەم بۆ بشۆ.

کچ/ کوڕ بۆ دایک ← دایکە تخوا ئەم گۆرەویانەم بۆ ناشۆی؟

پیاو بۆ ژن ← ئەو گۆرەویانەم بۆ ناشۆی؟

کەواتە، بە جیاوازی باردۆخ و کلتور و کۆمەڵگە مەبەستەکە دەگۆڕێت، تەنانەت هەندێ جار لە کوردەواریدا لە شارێک بۆ شارێک یان لە ئاواییەک بۆ ئاواییەک دەگۆڕێ.

## 3-2بیردۆزەکانی ڕەگەز:

چەند بیردۆزەیەکی زانستی هەن، تیایاندا هەوڵدراوە شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی کە لە ڕۆڵ و پێگەی هەریەک لە ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا هەیە بخەنە ڕوو:

### 1-3-2بیردۆزەی جەستەیی (زیندەزانی)

ئەم بیردۆزە یەکەم هەنگاوی شیکردنەوەی جیاوازیە گشتیەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بوو، جیاوازیە جەستەیەکانی نێوان نێر و مێ زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنها باس لە (مێشک) دەکەین، چونکە ئەم ئەندامە پەیوەندیی بە زمان و قسەکردنەوە هەیە.

بە بۆچوونی ئەم بیردۆزەیە پیاوان زیاتر لای چەپی مێشک بەکاردێنن، کە لە بنەڕەتدا بەرپرسە لە زمان زانست و نوسین و شیکاری و... هتد. ئافرەتان لای ڕاست و چەپی مێشک بەکاردێنن، کە لای ڕاست بەرپرسی هەست و سۆز و بەزەییە (عصمت محمد ، 2009: 137) ، بەڵام زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کاریان لەسەر جیاوازیی هەردو ڕەگەز لە ڕووی جەستەییەوە کردووە، بە بەڵگەی

زانستیی دابڕ پشتڕاست نەکراونەتەوە چونکە لە پیاو و ئافرەتدا لای چەپی مێشک بەرپرسە لە زمان بەبێ جیاوازی بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک شەپرەی مێشک (جلطة الدماغ) لە مرۆڤ (ژن یان پیاو) دەدا، زمانی دەوەستێ، چونکە ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە (نیوەی چەپی مێشک بەرپرسیارە لە جووڵە و چالاکیەکانی نیوەی ڕاستی لەش بەڵام نیوەی ڕاستی مێشک بەرپرسە لە جووڵە و چالاکیەکانی نیوەی چەپی لەش (کەریم شەریف ، 1997: 54)، هەروەها ئەم بیردۆزەیە لە توێژینەوە بەراییەکانیدا ئەوەی خستەڕوو، کە تێکڕای کێشی مێشکی پیاو بە ڕێژەی لە ١٠% زیاترە لە مێشکی ئافرەت هەروەها بەپێی تێڕوانینی ئەم بیردۆزەیە، قەبارەی مێشکی ئافرەت بچوکترە لە قەبارەی مێشکی پیاو توانای بیرکردنەوەش بەستراوەتەوە، بە قەبارەی مێشک (عصمت محمد ، 2009: 137)، بەڵام دواجار ئەم بیردۆزەیە پشتگیری لەوە کرد، کە نێر و مێ یەکسانن لە توانای ژیرییدا بە بەڵگەی ئەوەی (ئەو ماددە خۆڵەمێشیەی (المادة الرمادية) کە لە مێشکدا ڕێگە بە بیرکردنەوە دەدات، ڕێژەکەی لەلای نێر و مێ وەک یەکە. تەنانەت بەپێی دوا ئەنجامەکانی ئەم بیردۆزەیە قەبارەی مێشکی هەردوکیشیان هاوسەنگە(kimmel, 2000 :033)، لە هەمان کاتدا توێژەران ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە ناکرێ ڕۆلی خێزان و کاریگەریی کەلتور و کۆمەڵگە لە گەشەی مێشک بەدوور بگرین. کەواتە؛ هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ جیاوازی لە بیرکردنەوەیان پەیوەندیی بە جیاوازیی نێوان مێشکیاندا نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە جیاوازی ئەو داتایانە هەیە، کە دەچنە ناو مێشکی هەریەکەیان ئەم داتایانەش لە ڕێگەی تێڕوانینی جیاوازیی خێزان و کۆمەڵگە بەرامبەر هەریەکە لە ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ سەرچاوەدەگرن.

### 2-3-2 بیردۆزەی باڵادەستی ڕەگەزی

ئەم بیردۆزەیە لەو سۆنگەوە سەرچاوەی گرتووە، کە توانا و باڵادەستی پیاوان بەسەر ئافرەتان بە شێوەی جۆراوجۆر لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، لاکۆف Lakoff جیاوازییە زمانەوانییەکانی نێوان زمانی ئافرەت و پیاو بە یەکێک لە ئەنجامەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیە زمانیەکانیان بە ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕۆل و پێگەی کۆمەڵایەتی هەریەکەیان دادەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاکۆف هێزی دەربڕین بە هاوتای هێزی تاک لە کۆمەڵدا دەبینێت و لاوازیی ئافرەت لە قســەکردن بۆ زاڵبوونی پیاوان بەســەریان دەگەڕێنێتەوە و دەیەوێت پەیوەندیی نێوان زمان و ژێردەســتەبوونی پەیڕەوبەندانەی ئافرەتان لە کۆمەڵی پیاوسالاریدا نیشان بدات (Ballard, 2006:2–39).

دەسـەڵاتی ڕەگەزی نێر لە ڕێگەی زمانەوە بۆ نەوەی دوا تر دەگوازرێتەوە، بابەتەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە کوڕان فێری زمانی پیاوان دەبن ،بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە کچەکان ئامادە دەکرێن، بۆ وەرگرتنی پێگەی لاوازیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا وردە وردە زمانیان لە زمانی منداڵانەوە دەگۆڕێت، بۆ ئەو زمانە ژنانەیەی کە کۆمەڵ چاوەڕوانی لێدەکات و ئەگەر هەوڵیشـبدات وەک کوڕان بەرەو وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی پیاوان بچێت، ئەمە بە ناپەســەند دەزانرێت و کۆمەڵ ڕەتیدەکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەم بیردۆزەیە زمان ئامرازێـــــــــــــــــکە بۆ دورەپەرێزکـــــــــــردنی ڕەگەزی مێ لە هێـــز و دەســـەڵات (Sundrlound,2006:242).واتە؛ کاتێک ئافرەتان لە هێز و دەســەڵاتەوە دوور بن، دەبێت ژێردەســـتە و کۆنترۆڵکراوی ڕەگەزی بەرانبەر بن، بەڵام ئەمەش بە جیاوازیی کەلتور و کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت. واتە؛ دەکرێ بوترێ کەمی ڕێژەی ئافرەت لە دەســـەڵاتدا بەشـێکی دەکەوێتە ئەسـتۆی پەیڕەوکردنی پیاوســـالاری لەم کۆمەڵانەدا هاوشـێوەی کۆمەڵگەی کوردی بەڵام لە جیهاندا و بە نەتەوەی کوردیشـــەوە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە دەســـەڵات و پلە و پایەی بەرزی سـیاسـی دەبینرێن و لە مێژوشـــدا هەبون، کە کار و چالاکی و بیر و بۆچونەکانیان گۆڕانکاریی گەورەیان دروستکردووە.

لاکۆف زمانی ئافرەت بە زمانێکی بێهێز ناو دەبات و پێیوایە، ڕەگەزی مێ فۆڕمێکی زمانیی دیاریکراو پەیڕەو دەکا لە کۆمەڵگەی پیاوســـالاریـدا ئەو فۆڕمە گونجـاوە و لادان لێیـان پەســـەنـد نییە و پێچەوانەشی بۆ زمانی پیاوان ڕاستە بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ڕەنگەکان دەهێنێتەوە.

ناو و جۆری ڕەنگەکان لەلای هەریەکە لە ئافرەتان و پیاوان جیاوازە. واتە؛ ئافرەتان لە ئاخاوتندا بە بەراورد بە پیاوان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتریان هەیە و ڕەنگی زیاتر بەبەکاردەهێنن ،بۆ نموونە، لەلای ئافرەتان ڕەنگی سـوور چەندین جۆری هەیە: (سـووری کاڵ، سـووری تۆخ، سـووری خوێنی، سـووری پەمەیی، سـووری چڵکنی، سـووری جەرگی، سـووری ماڕۆنی، سـووری کراوە، سـووری ئاگری) کەچی پیاو بۆ هەمو ئەوانە تەنیا (سـوور) بەکاردێنێ، هۆکاری ئەو جیاکاریە و ووردی بەکارهێنانی ڕەنگەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلای ئـافرەتـان بۆ جۆری تێڕوانینی پیـاوان دەگەڕێتەوە، کە ئەم بـابەتـانە بە بێ بـایەخ دادەنێن و تایبەتی دەکەن بە ئافرەتان و خۆیان پێوەی خەریک ناکەن (Lakoff, 1973:4). ئەم تێڕوانینەش ڕێژەییە بە شێوەیەکی دابڕ (قطعي) نییە، چونکە پیاوانیش شارەزاییان لە ناوهێنانی ڕەنگەکاندا هەیە بۆ نموونە، بازرگانانی کوتاڵ و کوتاڵ فرۆشـــەکان کە جۆری پیشـــەکەیان وا دەخوازێت لە مامەڵەی کوتاڵی (ئافرەتان و پیاوان) شارەزایی تەواویان لە پلەی ڕەنگەکان هەبێت، هەروەها پیاوان لە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلدا تا ڕادەیەک شارەزاییان لە پلەی ڕەنگەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە لای پیاوان ڕەنگی خۆڵەمێشـــی ئەم چەند جۆرەی هەیە: (خۆڵەمێشـــی کاڵ، خۆڵەمێشـــی تۆخ، خۆڵەمێشـــی نەوتی، خۆڵەمێشـــی فیلی، خۆلەمێشـــی گورگی، خۆڵەمێشـــی سـلقەر)، هەروەها سـروشـتی جلوبەرگ و پێداویســتیی ئافرەتان تەواوی ڕەنگەکان دەگرێتەخۆی لە بەرامبەردا جل و بەرگ و پێداویســتیی پیاوان زیاتر ڕەنگە تاریکەکان دەگرێتەوە، ئەمەش هۆکارێکی ترە لە شـــارەزایی زیاتری ئافرەتان لە بارەی ڕەنگەکانەوە، لە لایەکی ترەوە هۆکاری جیاوازیی کۆمەڵایەتیی نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ بە هۆکاری نایەکســانیی نێوانیان دادەنرێت بۆ نموونە، کوڕان لە ژیاندا دەتوانن بە ئازادی لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە و تێکەڵی کۆمەڵ بن، بۆیە فێری کێبڕکێ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پلەی باڵادەســتی دەبن، بە پێچەوانەوە کورتکردنەوەی جوڵەی کچان لە ماڵدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کچان دووربن لە کێبڕکێ و بەدەسـتهێنانی پێگە و دەسـەڵات ،ئەمەش بۆ ئەو کەلتورە دەگەڕێتەوە کە بۆیان بەجێماوە، هەروەها ئەو تێڕوانینەی کە کۆمەڵ بەرامبەر ئـافرەت هەیەتی هۆکـارن بۆ بـاڵادەســتی پیاوان بەسـەر ئافرەتاندا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قسـەی ئافرەتان بە کەمبایەخ و بۆچوونەکانیان بێ واتا سـەیر بکرێن، چونکە ئەگەر بە یەکسـانی دەرفەت بە ئافرەتیش بدرێت، ئەوا لەگەڵ پیاواندا لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان جیاوازییان نابێ بەڵام ناکرێت خودی ئەم پێوەرانە بە شـــێوەیەکی ڕەها لە هەمو کۆمەڵەکاندا وەک یەک سەیربکرێت، چونکە هەر کۆمەڵە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

### 2-3-3 بیردۆزەی شیکاریی دەروونی

بیردۆزەی شـــیکاریی دەروونی پێیوایە، ئەو گیروگرفت و نەخۆشـــیە دەرونیانەی لە نەخۆشـــەکاندا دەردەکەون لە سـەردەمی منداڵی ڕەگی خۆیان لە نێو دەرووندا داکوتاوە، کات و سـات و سـەردەمی منداڵی بە ئەندازەیەک لە دیدی فرۆیـد گرنگ و کـاریگەربوون، کە گوتویەتی: کەســێتی مرۆڤ، لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەمەنی پێنج ساڵیدا، بە تەواوی شێوەی خۆی وەردەگرێت و دەچەسپێت. (سۆزان جەمال، 2009: 65) بەپێی تێڕوانینی ئەم بیردۆزەیە منداڵ لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا. واتە؛ هەر لە قۆناغی لەدایکبوون و هەرزەکاریی تاکو قۆناغی هەراشبوون بە پێنج قۆناغدا تێدەپەڕێت (حسين أبو رياش وآخرون، 2006: 242).

### 2-3-3-1 قۆناغی زارەکی:

لە ساتەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵیەوە دەستپێدەکات تا نزیک دوو ساڵ دەخایەنێت، لەم تەمەنەدا منداڵ ئاشنای تامکردن دەبێت ئەوەش لە رێگەی دەم و لێو و زمان و مژینەوە لەم قۆناغەداخولیای منداڵ بۆ دەمبردن بۆ هەمو شتێک دەبنە تایبەتمەندیە گرنگەکانی.

### 2-3-3-2 قۆناغی دانیشتن:

تا تەمەنی سێ ساڵی بەردەوام دەبێ، لەم قۆناغەدا نێر و مێ هاوشێوەن.

### 2-3-3-3 قۆناغی ئەندامی زاوزێ:

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان 3-6 ساڵی کە توانا ڕەگەزیەکان جەخت دەکەنە سەر ئەندامەکانی زاوزێ بە هۆی گۆڕانکاریە جەستەییەکان..

### 2-3-3-4 قۆناغی کپبون:

دەکەوێتە نێوان تەمەنی6-12 ساڵی پێشی دەگوترێت، قۆناغی بڵاوبونەوە لەم قۆناغەدا منداڵ بە هیچ شێوەیەک گرنگی نادات بە ڕەگەز و بە جیهانی دەرەوەی خۆی ئاشنا دەبێت.

### 2-3-3-5 قۆناغی پێگەیشتنی ڕەگەزی:

لە تەمەنی دوازدە ساڵی بەسەرەوە دەستپێدەکات، منداڵ لەم قۆناغەدا واز لە گرێ دەروونیەکان دێنێت و وردە وردە بایەخ بە ڕەگەزی بەرامبەر دەدات، بەم شێوەیە ناسنامەی ڕەگەزی تیادا سەرهەڵدەدات قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەگەزی مەرج نیە لای هەمو منداڵێک بەم پلە بەندیە دەربکەوێت، بەڵکو زۆر جار لە بەر هەبونی فشارە کۆمەڵایەتیەکان و لە پێناو چەسپاندنی کۆمەڵێک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیروباوەڕ و دەستەمۆکردنی منداڵ ئەم قۆناغانە بە شێوازی جۆراوجۆر، وەک: (ترس، چاوسورکردنەوە، لێدان) گۆڕانیان بەسەردادێت. واتە؛ هەروا بە ئاسایی دەرناکەون تا بە ئاسانی تێبینیبکرێن. فرۆید لە بیردۆزەکەیدا سەبارەت بە ڕەگەز لەو بڕوایەدایە، کچ و کوڕ هەردوکیان دوو پیاوی بچوکن تا دەگەنە ئەو قۆناغەی لە یەکدی جیادەکرێنەوە، وا دەزانن هەردووکیان ئەندامی نێرینەیان هەیە ئەو جیاکردنەوەیە کاتێک ڕوودەدات، کە درک بە جیاوازیی ڕەگەزیی نێوانیان دەکەن، بەڵام منداڵ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە ڕەگەزەکەی دیاریکراوە، کچە، یان کوڕە و خێزانیش بە جیاوازیی کۆمەڵگەکانەوە بەپێی ڕەگەزی منداڵ کچە یان کوڕە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، دەشێت خێزان لە ڕووی پێداویستی و خزمەتکردنەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دو ڕەگەزەدا نەکات، بەڵام لە ڕووی پەروەردەکردنەوە بە لایەنی کەمەوە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دەکرێت. کەواتە، دەشێت ڕەگەزی مێ هەوڵی دەستخستنی ئەو شتانە بدات، کە بەخشراون بە ڕەگەزی نێر و ئەو لێی بێبەشکراوە و گرفتیی ڕواڵەتی جەستە نییە، بەڵکو گرفتی ئەو پەیوەندیی بە باری کەلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیەوە هەیە و نادادپەروەریی کۆمەڵگە لە بەخشینی ماف و بەڕەوابینینی هەموو دەستکەوتەکانی ژیان بە پیاو و بەڕەوانەبینینی، بە ئافرەت.

### ئەنجامی توێژینەوەکە

1- دەروونناسی سەرباری دۆخە دەروونییەکان لەڕەفتارە کارەکی و زارەکییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

2- بارودۆخە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤ شاراوەن و بەزۆری لەڕێگەی زمانەوە دەتوانرێ پەیان پێ ببرێ و دەستنیشان بکرێن.

3- دەروونزمانی هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەخۆی و شیکردنەوەیان بۆ دەکات، کەباس لەپەیوەندیی زمان و تواناکانی مرۆڤ دەکەن.

4- دەروونزمانی و کۆزمانەوانی وەکو دوو لقی زانستی زمانەوانی کارەکی بەیەکەوە بەستراونەتەوە،کەجیاکردنەوەیان لەهەندێك بواردا کارێکی ئاسان نییە.

5- مرۆڤ بەنێر، یان مێ لەدایك دەبێت، بەڵام کاریگەریی کۆمەڵگە دەبێت بەمیکانیزمێك و بەهۆیەوە بنەماکانی ڕەفتار بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دیاردەکات.

6- جیاوازیی ڕەگەزیی، بەپێی کۆمەڵ و بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا دێت و دەکرێ لەکۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر جیاواز بێت.

## لیستی سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز**

**بە زمانی کوردی:**

1. جەمال، سۆزان (2009)، سایکۆلۆژی و مێیەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
2. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (2016)، زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاودێر، هەولێر.
3. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2014)، زمانەوانی دەروونی، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
4. ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (2020-2021)، وانەکانی خویندنی باڵا، ماستەر، زمانەوانی کارەکی، کۆرسی دووەم.
5. ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (2020-2021)، وانەکانی خوێندنی باڵا، دکتۆرا، کۆزمانەوانی، کۆرسی یەکەم.
6. عەلی، تاڵیب حوسێن (2011)، واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
7. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2002)، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
8. ناوخۆش، سەلام (2005)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی (مێژوی بونیادگەری چۆمسکی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
9. وەیس، غازی فاتح (1984)، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم.

**بە زمانی عەرەبی:**

10. ابو رياش وآخرون، حسين (2006)، الاساءة والجندر، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان.
11. أفيتش، ميلكا (1996)، اتجاهات البحث اللساني، ت: سعد عبدالعزيز مصلوح وآخرون، طبع بالهيئة العامة لشؤون المطابع الأسرية.
12. جرين، جوديث (1993، التفكير واللغة، ترجمة وتقديم: عبدالرحيم جبر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

13. حجازي، محمود فهمي (1993)، دار الغريب للطباعة.
14. الحمداني، موفق (1984)، اللغة وعلم النفس (دراسـة للجوانب النفسـية)، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، بغداد.
15. حوسو، عصمت محمد (2009)، الجندر، الأبعاد الاجتماعية والثقافية، دار الشروق للنشر والتوزيع.
16. الخولي، محمد علي (1998)، أساليب تدريس اللغة العربية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان.
17. ديكرو،اوزالد(2007)،القاموس الموســوعى الجديدلعلوم اللســان،ترجمه:منذر عياشــى ،مركز الثقافي العربي،ط2، بيروت، لبنان.
18. رشوان، حسين عبدالحميد احمد (1998)، علم اجتماع المرأة، المكتبة الجامعي الحديث، الاسكندرية.
19. السيد، طاهر شعبان عبدالباري (2011)، تعليم المفردات اللغوية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان.
20. شعيرة، ثائر احمد و أبو محمد (2010), علم النفس اللغوي، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.
21. الضامن، حاتم صالح (1989)، دار اللغة، مطبعة التعليم.
22. العتوم، عدنان يوسف (2004)، علم النفس المعرفي النظرية والتطبيقية،دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.
23. عطية، نوال محمد (1975)، علم النفس اللغوي، مكتبة انجاز المصرية.
24. علي، محمد محمد يونس (2004)،مدخل إلى اللسانيات، ط1، دار الكتاب الجديدة، بيروت - لبنان.
25. كعواش، عزيز (2010)، علم اللغة النفسي بين الادبيات اللسانية والدراسات النفسية، مجلة كلية الأداب والعلوم الانسانية والاجتماعية، العدد السابع، دورية، علمية تصدرها كلية الأدارة و اللغات، جامعة مبكرة، الجزائر.
26. محسب الدين، محي (2008)، انفتاح النسق اللساني، دراسة في التداخل الاختصاصي، ط1، دار الكتب الجديدة المتحدة، بيروت-لبنان.
27. منصور، عبدالمجيد سيد احمد (1982)، علم اللغة النفسي، عمادة شؤون المكتبات، جامعة ملك السعد، الرياض.
28. يوسف، جمعة سيد (1990)، سايكولوجية اللغة والمراحل العقلي، عالم المعرفة والفنون والاداب، كويت.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

29. Ballard,Kim(2016),The Story of Languistics: An introduction to Language Padst and present Basing stoke palgrave Macmillan Education.
30. Crystal, D (2003), A dictionary of Linguistics & Phonetic, Block well publishing, fifth edition.
31. Kimmel,M.S (2000), The Gendered Society, Oxford university Press,New York.
32. Lakoff, Robin (1975), Language and Woman's Place, Harper & Row publishers, New York.
33. Mathew j, Traxler, (2022), Introduction Psycholinguistics, Understanding language Science, First Published.
34. Sunderland,Yune(2006),Language and Gender and Advanced Resource Book, London/New York, Routlege.
35. Yele, George, (2006), The Studey of language, printed in the unitied Kingdom at the University press, Cambridge, 3rd Edition, New York.

**گۆڤاری زانستی:**

1. ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن (2015)، دەروزمانی، گۆڤاری زماناسی، ژمارە (17).

2.ڕەسول، ڕزگار واحید ، حەمەدەمین، بابا ڕەسول نوری (2012)، تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەرونییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە (23)" چاپخانەی حاجی هاشم.

3. قادر، نەسرین زرار (2012)، ڕۆلی پێگەیاندنی خێزانی لە جیاوازی ڕەگەزیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (23)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**پێگەی ئینتەرنێت:**

1.حامد، فرج (2009)، دراسة مختصرة، حول مفهوم النوع الاجتماعی (الجندر)، مؤسسة المرأة العراقية، www.iraqws.com/iraq/site/iraq.wof.org 23/4/2020

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Relation Between Psycholinguistics and Gender

**Wafa Kazim Hussein**

Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Wafakazim24@gmail.com

**Prof. Abdullah Hussein Rasool**

Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Abdull.raswl@su.edu.krd

***Keywords***: *Psycholinguistics, Gender, Male, Female, psycology.*

## Abstract

This research is under the title of (The relation between psychological linguistics and gender) it's an attempt for indicating the affection of language about individuals inner mind and this inflexibility that will be created in psychological condition. If it is in the form of positive or negative will be affected. The individual meets themselves in a different psychological condition. Because when human being comes to the world will be born with a specified characteristics female or male. But it is not held the aspects of male and female. But this is the affection of educational language and developing society about psychological matters in any individual and giving roles with different personality to each male and female gender., reflecting on individuals' behavior (male and female) generally and and specifically language behavior. Any individual will give the speech according to psychological condition that he or she lives in. This research consists of two parts: in the first part it talks about the relation between language and psychology, the theory of psychological linguistics, terms and the definition of psychological linguistics, the differentiate psychological linguistic and psychology of language. History of revolution and developing psychological linguistics. psychological linguistic is linked to the sociological linguistic. The second part of the research is

dedicated to acknowledging gender and the theory of gender, then the thesis of the research and in the end the resources are demonstrated.

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (العلاقة بين علم اللغة النفسـي و الجنس ) محاولة لبيان تأثير اللغة على نفسـية الفرد و عدم استقراره لنفسيته سواء كانت بشكل أيجابي أو سلبي، والفرد ذاته يعرف من خلال حالته النفسية، وعلى الرغم من أن الأنسـان يولد بخصـائص بدنية محدودة (ذكر أو أنثى ) الا أنه لا يمتلك الخصـائص النفسـية الأنثوية والذكورية و أنما يكتسبه من خلال تأثير لغة التربية والتنشئة على نفسية الفرد و أعطاء الدور و الشخصية المختلفة لكل من جنسي الذكر والأنثى، وتضهر هذا من خلال سلوك الفرد (الذكر والانثى ) عموماً، وعلى سلوك اللغة خصوصاً، والفرد ينتج أقواله حسب ضروف النفسية اللتي يعيش فيها.

يتألف البحث من قسمين: في الفصل الأول تحدثنا عن علاقة اللغة وعلم النفس ونضريات علم اللغة النفسي، مفهوم و تعريف علم اللغة النفسي، فرق بين علم اللغة النفسي وعلم النفس اللغة،تأريخ وتطور علم اللغة النفسي، علاقة علم اللغة النفسي و علم اللغة الاجتماعي.

الفصل الثاني: تعريف الجنس و نضريات الجنس، ثم نتيجة الدراسة و بالأخير بيان الصادر.